# سڵاو له دەسكورتیی

عەزیز نەسین
و: له توركیەوە: ئیبراهیم شێخ شەرەفی

له بانك خانوت بۆ دەردەچێ. له بانك باڵەخانەت بۆ دەردەچێ. پارەت بۆ دەردەچێ. بلیتی گەشتوگوزارت بۆ دەردەچێ. دیاری بەنرخت بۆ دەردەچێ. داهاتی بەدرێژایی تەمەن.. مانگانەت بۆ دەردەچێ.. هەموو شتێكت بۆ دەردەچێ. تۆ بڵێ لەو بانكانەوە چیت بۆ دەرناچێ؟ هەر هێندە بەسە له شوێنێكەوە سەد لیرەت دەستكەوێ. یەكسەر بچۆ له بانك بیخەوێنە. گریمان بێ شانس و ناوچەوان بوویت و هیچت بۆ دەرنەچوو. چت له كیس دەچێ؟ پارەكەت هەروەك خۆیەتی. سەرباقی ئەوەی سووشی دێتە سەر.

جا وەرە: ساڵەهای ساڵە من ئەو سەد لیرەیەم بۆ بەیەكەوە نەنرا تا له یەكێك له بانكەكاندا بیخەوێنم. دان بەخۆدا دەگرم. خۆڕادەگرم.. خۆڕا دەگرم. دەبێتە هەشتا.. دەبێتە نەوەد.. دێ ببێتە سەت و له لایەكەوە بەڵایەكم بەسەردێ و هەموو پارەكەم له دەست دەردەچێ..

وەك ئەوەی پارەكان له بەینی خۆیاندا پێكهاتبن: با له گیرفانی ئەو كابرایەدا كۆنەبینەوە، با ئەو كابرایە سەد لیرە بەخۆیەوە نەبینێ. لاریم لەگەڵ دەكەن. هەر ئەوان لارییان كردو منیش لاریم كرد، تا سەرەنجام ئەو سەد لیرە توركییەم كۆكردەوە. له ترسی ئەوەی دیسان له دەستم دەرنەچێ، یەكسەر چووم له بانكێكدا بیخەوێنم بەڵام ئەو ئێوارەیە وەدرەنگ كەوتم و بەبانك رانەگەیشتم هەموویان داخرابوون.

هێندە چاوترسێن ببووم، پارەكان بەدەستمەوە دەتگوت جیوەیان تێكراوە، دەمگوت ئێستا نا ئێستا له دەستم دەكەونە خوارێ. پیاوی چ نەدی و چۆن ئەگەر شتێكی دەستدەكەوێ؟ ئەوابووم. بۆ وەها كەیفم بەخۆم دەهات. بۆ خۆشم نەمدەزانی.

پارە نازدارەكانم خستە ژێر سەرینەكەم و خەوتم. بەهیچ خەوم لێ نەدەكەوت. له خۆشی پێكەوەنانی ئەو سەد لیرەیە یاساو رێسای سەیرم دادەڕشت.

– هیچ شتێك لەژێر دەستی (عەزمی) دەرناچێ. مرۆڤ هەوڵ بدا، دەتوانێ هەموو شتێك بكا. نەخێر قازانجم كەمە، ژیان سەختە.. نازانم بەبرای خۆم بڵێم گرانییە. بەرێوە ناچم، ئەوە هەمووی بیانووە. فەرموو بزانە چۆن ئەمن سەد لیرەم بەیەكەوەنا. یانی

ئەگەر حەزم لێ بێ دەتوانم دوو سەدیش، پێنج سەد لیرەش کۆبکەمەوە. هەزاریش کۆدەکەمەوە. دەهەزاریش..

له پاشان دەست بەخەیاڵپلاوان دەکەم. هەزار دەبێتە دەهەزار. دە هەزار دەبێتە سەد هەزار، سەد هەزار دەبێتە سەد ملیۆن. هەر چەندی بەخەیاڵمدا دێ سفران ریز دەکەم. پاشان له تاریکایی شەوێدا لەلای راستەوە سێ سێ جوتیان دەکەمەوە: سەد ملیۆن. ملیارێک، دە ملیار، سەد ملیار.. بەڵێ، هیچ شتێک لەژێر دەستی (عەزمی) دەرناچێ.

جاران رۆژنامەکان بەسەرهاتی ملیۆنێرەکانیان دەنووسی.. لەو سەردەمەی ئێمەدا ملیۆنێری وا پەیدا بووە، ملیۆن وەک پارەی وردی لێ هاتووە. من له پێشدا دەبمە ملیۆنێر، دوایە دەبمە ملیاردێر، دواتریش دەبمە ترلیۆنێر. هەتا ئێستا ئەو دونیایە ترلیۆنێری بەخۆوە دیوە؟ نا.. ئەوە من دەبمە ترلیۆنێر. ملیۆنێر ملیاردێر چییە! بابیشم دەتوانێ ببێتێ. مەرج ئەوەیە ببیە ترلیۆنێر.. ترلیۆنێرا. لەبەردەمی (یەک) بەبرای خۆم بڵێم، له مێشکمدا ناحەجمێ.. له تاریکاییدا بەپەنجەم (یەک)ێک دەنووسم، پاشان هەر بەپەنجەم لەبەردەمی یەکەکە سفران دادەنێم. سفرێک، دوو سفر.. پێنج سفر. دە سفر.. یازدە، دوازدە سفری تەواو... ئەوە له پێش (یەک)ی، ئەدی ئەگەر له پێش دووی بێ؟ دووترلیۆن. تۆزێک له خوارترەوەش سفران دادەنێم، لەژێر پەتووەکەوە دەست دەردێنم و هەر له تاریکیدا خرۆکەیەکی دیکە زیاد دکەم، بوو بەسێسەد ترلیۆن. سفرەکان وەک بریسکەی رێکلام و پروپاگەندەکان لەو تاریکاییەدا دەدرەوشێنەوە. هێندێکیان هەڵدەخلیسکێن. بەردەبنەوە. رادەکەن. ئەوانەی بێ عاری دەکەن، دەیانگرمەوە و له شوێنی خۆیان دادەنێمەوە. دیسان هەڵدێنەوە. دیسان دەیانگرمەوە، دەیانگوت شەرت پارە پەیدا کردن نییە، شەرت پاراستنیەتی... تاه بزانە! هەر بەراستی وایە. ئەو سفرانەم بەهیچ بۆ راناوەستێ. وەک دەنکە کەلا جاڵە دەبنەوەو رادەکەن. هەرچی بکەن تازە لەدەستم دەرناچن. تازە من بڕیارێکەو داومە، دەبێ دەوڵەمەندبم.

لەسەر جێگە راست دەبمەوە و سیگارێک پێدەکەم. بە بەکەیفەوە دەڕوانمە سفرەکانم. ماشەڵڵا، هەموو خڕوپڕ دەڵێی سێوە لاسوورەن. هەموو دەڵێی شان و شەپیلک، لێوو لەشتەر، لاڕان و بەلەک و مەمکی خڕو توندی ئافرەتی جوان و نازداری تازە پێگەیشتوون. ئەو دەوڵەمەندییەش عەجەجایب کەیفێکە..

هەتاو هەڵدێ. یەکسەر دەست بۆ بن سەرین دەبەم. سەد لیرەکەم لەوێندەرێیە. یەکسەر بەپەلە بەرەو بانک دەڕۆم.. له بانکی گەڕێ. هێشتا دوکانیش نەکراونەتەوە. لەبەر دەرکی بانکێ چاوەڕێ دەبم. برادەرێکم تووش دەبێ.

- خێرە؟ ئەوە بۆ وات لێ هاتووە؟

- هیچچچ چیم لێ هاتووە؟

- چاوت سوور هەڵگەڕاون.. رەنگت زەرد هەڵگەڕاوە.

- ها... ئەمشۆ نەنووستووم.. زۆر کارم هەبوو. خەریکی کارێ بووم.

بۆ ئەوەی نەزانێ بەنیازی خەواندنی پارەم له بانک، هەر چۆنێ بێ هاوڕێکەم بەڕێ دەکەم. بانک دەکرێتەوە. بەشەرمەوە سەر بەژووردا دەکەم. بۆ خاتری خودای.. ئەوە چ شوێنێکە؟ چەندە گەورە.. چەند رازاوە!.. گوڵی جوان جوان، گوڵدانی رازاوە. ئافرەتی ناسک و نازدار، پیاوی شیک و رێکوپێک.. بەبەری میچییەوە شوشەوات و شەمدانی گەورە گەورە، وەمدەزانێ چومەتە نێو کۆشک و سەرایان. وابزانم پتر له بیست فەرمانبەری لێ بوو. هەموو شوێنێک بریقەی دەهات. مۆبلی جوان و رازاوە. ترسێک دەنیشێتە سەردڵم. ها.. تۆ بزانە، ئەو خەڵکە هەمووی بەداهاتی ئەو پوڵەی من بەڕێوە دەچن؟! ئەو بینا بەرزو گەورانە بەو پارە نازدارانەی من دروست کراون، ئەو هەموو کەلوپەلە جوان و تازەیە. حاسیبە، ئەو مەکینە و کەرەستانەی بەر دەستیان، هەمووی بەو پارە نازدارانەی من دەکڕدرێن... شتی وانابێ..! من پارە بدەم و

ئەوانیش کەیفی خۆیانی پێ بکەن؟
– فەرموو بەڕێزم، ئەمرێکتان هەبوو؟
ئەو فەرمانبەرانە چەند بەلوتف و موحیبەتن! لەبەر ئەو لوتف و رەفتارە ناسکە نەبا پەشیمان دەبوومەوە و دەڕۆیشتم. پارە نازدارەکانم دایە دەستی. فەرمانبەری رووخۆش و دەم بەخەندە بەدوو دەقیقە کاروبارەکەی بۆ جێبەجێ کردم. جگە لە دەفتەرچەی بانک، دەفتەرێکی بچووکی گیرفانیشی بەدیاری دامێ.
ئەو رۆژە هاورێکانم لە فەرمانگە دەستیان پێ کرد.
– ئەوە چیتە؟ خەریکە بەپێوە خەوت لێ دەکەوێ!... رووم نەدا بەهیچیان. لای نیوەڕۆ هاورێیەکم وتی:
– بابڕۆین بۆ نان خواردن.
– تێر تێرم.
بەیانیش هیچم نەخواردبوو.
ئێوارێ بەکولێرەیەک قەناعەتم بەخۆم هێنا. لەبەرئەوەی شەوی پێشووش نەخەوتبووم، هەر زوو چومە ناو جێگە سەرم وەسەر سەرینێ کردو نەکرد، سفرەکان دەستیان بەبەزم و رەزمی خۆیان کردەوە. دیسانەوە، دوێنێ شەوێ لەکوێ راوەستابووم، لەوێوە دەستم بەخەیاڵپلاوان کردەوە.
لە هەوادا، وەک پەپوولەیەکی نورانی و بریسکەدار سفرێک هەڵفڕی، هەڵفڕی.. هات لەپێش سەت نیشت بوو بەهەزار... دە هەزار، سەد هەزار، ملیۆن.. سفر، سفر.. سفرەکان، بەسەری پەنجەم سفرێکی دیکەش دەکێشمەوە و لە شوێنی خۆی دایدەنێم.. دواتر پێیان دەڵێم.
– رێک بوەستن! کەیفم بەو بێ عاری و بەزم و رەزمانە نایە. رێکوپێکی لە ژیاندا مەرجێکی سەرەکییە. یاڵڵا هەر سفرەو بۆ شوێنی خۆی. بۆ پێشەوە.. بجولێ!!
سفرەکان لە ترسان بەلەرزە لەرز دەچنە شوێنی خۆیان. وەک هەر سەرلەشکرێک ئەمری نمایش دەدەمە سفرەکانم و تەعلیماتیان دەدەم:
– لەسەریەک خەت.. بوەستە!
سفرەکان هەموو لە پاڵ یەکەوە ریز دەبەستن.
– وریا بن!... ئیستعراز
راپ.. راپ.. راپ.
یەک، دو .سێ، چوار، هەزار، سەد هەزار، ملیۆن..!
دەخولەک پشوو دەدەمە سفرەکان. سفرەکان یەک دەنگ هاوار دەکەن:
– سوپاس!
بەدەم ئەمرکردن و تەعلیماتدان بەسفرەکان گەیشتمە سپێدە. بەگۆدەگۆد لە ماڵێ وەدەر کەوتم. نائاگایانە قاچەکانم بردیانمە بەردەمی بانک. دەتگوت خەبەریان داومێ کە بانک ئیفلاس دەبێ، یان بانک بەکوڵێدا دەدەن و دەیبەن و لەسەرپارە نازدارەکانم دادەنیشن.
ئەو رۆژەش بەنان و پەنیر شەوم بەرێکرد. چاوم پرپڕ لەخەوبوون. هەرزوو نوستم. چاو بنوقێنم و نەینوقێنم بێ فایدەیە، بەو نیوەشەوە سفرەکان خەریکی رەقس و سەماو و ورگ هەڵاویشتنن لە بانکەوە بەدیاری باڵەخانەیەکم بۆ دەردەچێ. باڵەخانەکە بەپێشەکی پێنج ساڵ کرێ و پارەی پێشینەی نەقدی بەکرێ دەدەم. بۆ خۆم لە شوێنێکی هەرزان خانوو دەگرم و دادەنیشم. باش بوو بەبیرم داهات!! من لەو خانوەدا سەدوبیست لیرە کرێ دەدەم، گوناه نییە؟! لە سبەینێ زوتر نییە، دەبێ بگوێزمەوە بۆ شوێنێکی هەرزان. لە کۆڵانە لاتەریکەکاندا هۆدەیەکی بیست لیرەیی دەدۆزمەوە. مانگێ سەد لیرەم بۆ دەمێنێتەوە، دەیبەمە بانک دەیخەوێنم.. ساڵێ دەکاتە هەزارودووسەد لیرە. بە دە ساڵان دەگاتە دوازدە هەزار، بەسەد ساڵان سەدو بیست هەزار. دەبزانە! لە حەوادا پارە دەبارێ، کوا وەختی دەستبلاوییە؟
دیسان رۆژم لێ هەڵاتەوە. بەبەردەمی بانکدا تێپەڕیم. هاورێکانم، وەک جاران دۆستایەتیم ناکەن. ئامان.. باهەروا بن! باشتریش، لەکۆڵ چا کڕین و قاوە کڕین بوومەوە خۆشەویستەکەم تەلەفۆنی کرد، بۆ

خۆم پێم گوت:

- ئەورۆ نەهاتووە!

ئەوە بەخێرەی بەنیازبووم بیهێنم. بەڵام نەء، پەشیمان بوومەوە، لەوەتا پارەم لە بانکێدا خەواندووە حەز ناکەم چاوم پێی بکەوێ. ژن هێنان دەرگای مەسرەف و خەرجییە.

پێڵوی چاوەکانم هەر دەتگوت تای تەرازوونەو بەردت پێوە هەڵاوسیون. سەرم خستە سەر دۆسیەو ئەوراقەکانی بەردەستم و هات خەوم لێ بکەوێ، سفرەکان وەک کچە نمایشکەرەکان لەبەردەمم ریزبان بەستەوە، بەدەست خۆم نەبوو خەوی چی!

وەنەبێ بیرم لە کڕینی حەبی خەو نەکردبێتەوە... بەڵام یەک لە هاوڕێکانم هەیبوو. بەزەیی بەحاڵمدا هات و دایمێ. حەبی خەویش فایدەی نەبوو، ئەو شەوە هێندە دەوڵەمەند بووم، هێندە دەوڵەمەند بووم، بۆ لە پڕێکا موفلیس نەبووم؟ ئەو هەموو ملیارەها ملیارەم لە دەست فڕی و ڕۆیشت. هێندەی نەمابوو لاسایی ملیۆنێرە موفلیسەکان بکەمەوەو خۆم بکوژم، کە سەد لیرەکەی بانکم کەوتەوە یادو لە خۆکوشتن پەشیمان بوومەوە. دیسان دەوڵەمەند بوومەوە. هێندە دەوڵەمەند بوومەوە، کە هەرچی پارەی سەر ڕوی زەوی هەیە بۆ خۆم کۆمکردەوە. فلسم بەکەس نەهێشتبوو. ڕۆژنامەکان دەهاتن و ریپۆرتاژیان لەگەڵدا دەکردم:

- چۆن دەوڵەمەند بوون؟ چۆن سەرکەوتنتان بەدەست هێنا؟

پێت وایە ڕاستیەکەیم پێ دەگوتن.

- بەکارکردن.. کە هاتمە سەر دونیا هیچم نەبوو.

کۆنفرانسێک دەبەستم. پاشان دەست دەکەم بەیارمەتیدانی هەژارو نەداران. وەک دیاری جەژنانە گۆرەوی بەسەر منداڵی ئەوانەی ژێر دەستەی خۆمن، دابەش دەکەم، ڕۆژێ ژەمێک نان و پیواز دەنێرم بۆ کرێکارە نەخۆشەکان. مشت مشت خاک دەدەمە ئەو لادێیانەی زەوییەکانیانم لەدەست دەرهێناون چاکە نامێنێ تا بیکەم. هەموو کەس بە «پیاوچاک» باسم دەکا.

ئەو شەوەش بەچاکەو هاریکاریکردنی خەڵکییەوە گەیشتمە بەیانی. لە برسان و لەبەربێ خەوی بەزۆریی خۆم بەسەر پێوە ڕادەگرت. یەکسەر بەرەو بانک چووم.. دەفتەرچەکەم فڕێدایە بەردەمی فەرمانبەرەکەو وتم:

- دەبێنە ئەو سەد لیرەیەم بدەوە!

پرسیاری کرد، هەموویتان لازمە؟

بەسەریدا، گوڕاند:

- هەموو، هەموو. بەسە بەس!! لە کەس و کارم بووم، لە ئینسانیەت کەوتم، سحەت و سەلامەتیشم لەدەست دا، خۆشی و شادیم لە دەست چوو.. خوا غەزەبتان لێ گرێ!! هەی لەو نێو پارەیەش.. هێندە پەست و تووڕە ببووم، خۆم پێ ڕانەدەگیرا. هەرچی فەرمانبەربوو لە دەورم ئالا بوون، دەیانویست بەهانامەوە بێن.

وتیان: تەواو کاکی خۆم، دەتدەینەوە.

پارەکەم وەرگرتەوە. هەشتا لیرەی دیکەشم لە گیرفاندابوو، یەکسەر بەرەو چێشتخانەیەک ڕامکرد. لەوەم بدەیە، لە مەشیانم بدەیە، لەوەشیان دانێ. لەوێشەوە بۆ خۆشترین هوتێل.. سێ شەوو سێ ڕۆژان بۆی نوستم. ئۆخەی ی ی.. ئەوەیە کەیف و سەفا. هەموو پوڵەکەم خەرجکرد. بیر لە دەردوخەمی دەوڵەمەندەکان دەکەمەوە، بەحاڵی خۆم شوکرانە بژێرم. ئەو بێ چارانە هەر ئەمن دەزانم لەبێ خەویان، لە برسان، لە ترسی موفلیس بوونێ. لە ترسی دزو تێداچوونێ. لەچ بەدبەختی و خەم و خەفەتێکدا دەژین.

هەزار سڵاو لە دەسکورتیی و نەداریی

**سەرچاوە:**

Aziz Nesin- Adami zorla Deli Ederler (S ecilmis oykuler) Adam yayincilik. Ozel Baski Ocak 2005. s. 57-61.